دەوڵەت، نەتەوە

وەرگێرانی: ئەمیری حاجی محەمەد

بەشی شەشەم

C_ دەوڵەت و حکومەت

زۆربەی خەڵک چەمکی حکومەت دەگەڵ چەمکی دەوڵەتدا تێکەڵ دەکەن. بەو جۆرەی کە گوترا حکومەت رەگەزی بنەمایی دەوڵەتەو هۆکارێکە لەخزمەتی ئامانجەکانی ئەندامانی دەوڵەت، واتە خەڵک، بەگوتەی (لیکاک)، زاراوەی حکومەت بەشێوەی گشتی و بەرفراوان ((پشت بەو ئەندێشە بنەماییەی کە خەڵک هاندەدا گوێرایەڵ بن دەبەستێ و دەسەڵاتی ڕەوا و خۆدانە دەستەوەی خەڵک بەو دەسەڵاتە دەگەیەبێ.)) بەم شێوە هیچ دەوڵەتێ بەبێ حکومەت ناتوانێ بوونی هەبێ. ئەگەر حکومەت بەهەر شێوەیەک ڕێکخرابێ، دەبێ بۆ دەوڵەت بێت. ڕەنگە خەڵکی ناسەر بەخۆ حکومەتی خۆجێی یان ناو چەییان هەبێت، لەوانەیە باس لە حکومەتی کۆمەڵان و کارگوزاری و دامەزراوە جۆراو جۆرە نێو دەوڵەتیەکانەوە بکرێ، بەڵام هیچ یەکێ لەوانە بە حکومەت ناژمێردرێ. هەندێ لەبیرمەندە سیاسیەکانی سەدەی بیستەم، وەکو (لاسکی) (laski) و کۆڵ (cole) بەپێی مەبەستە کرداریەکان، جیاوازی کردن لەنێوان دەوڵەت و حکومەتدا پەسەن ناکەن. بە باوەڕی کۆڵ، دەوڵەت: ((کەم یان زۆر شتێک نیە جگە لە دەزگای سیاسی حکومەت لەیەک کۆمەڵگەدا)). بەم جۆرەش (لاسکی) گوتویەتی بەپێی مەبەستەکانی بەڕێوەبردنی دەوڵەت هەمان بەڕێوەبردنی حکومەتە. لەکاتێکدا کە ناکرێ حاشا بکرێ لەوەی کە حکومەت هەمیشە بەناوی دەوڵەتەوە کار دەکات، بەڵام یەکسان زانینیان دروست نیەو پێی دەچێ کە ببێتە هۆی تەماوی لە شێکردنەوە و بیرکردنەوە و ژڵەژاوی لەژیانی ڕاستەقینەی سیاسیدا. دەبێ بزانرێ کەدەوڵەت جێگیرە و حکومەت ناجێگیر. حکومەت لەئەنجامی هەڵبژاردن یان شۆرش دەگۆڕدرێ، دەست بە دەست دەبێ، بەڵام دەوڵەت ناکەوێتە بەردەم وەهە گۆڕانکاریەکەوە. بۆیە نابێ و ناوترێ دەسەڵاتی باشتریان دەسەڵاتی باڵا لەباتی دەوڵەت بدرێ بە حکومەت. ئەمجا لەبەر ئەمە ناتوانرێ باس لە دەسەڵاتی ڕەهای حکومەتەوە بکرێ، دەبێ ئەم ڕاستیەش بەڕوونی بزانین کە پێویستە حکومەت لەچوارچێوەی دەستوورو یاسا ئاساییەکانەوە کاربکات، و نابێ لەدەسەڵاتی ڕەوای خۆی تێپەڕبێت. باشتر وایە بزانین کە لەکۆمەڵگەی دیموکراتی هاوڵاتیان خاوەنی ڕاستەقینەی دەسەڵاتی سیاسین، بریار یا کاری حکومەت یەکلاکەرەوە نیە، چونکە ئەگەر گوشاری تەواو لەلایەن خەڵکەوە هەبێت، دەبێ حکومەت تەسلیمی ویست و خواستی خەڵک ببێ، چاکسازی لەخۆیدا بکات تاکو سیاسەت و کارەکانی بناتە بەردەم ڕای گشتی.

لاسکی و کۆڵ، بەپشت بەستن بە هەندێ پێکهاتەی باو، دەوڵەت و حکومەتیان بە یەکسان زانیوە. کاتێ باس لە دەستێوەردانی دەوڵەتی فیدراڵ لەحکومەتی ویلایەتی، یان هاریکاری دەوڵەت یان سۆسیالیزمی دەوڵەتی دەکەین، لەڕاستیدا بەپراکتیکی حکومەت بیر دەکەینەوە و دەدوێین. کۆڵ لێرەدایە دەگاتە ئەو ئەنجامە کە دەوڵەت و حکومەت بەیەکێ دەزانێ. بەڵام سایت(sait)، بۆچوونی ئەمەیە کە بەدەست هاتووی دروست ئەوەیە بزانین ئەم جۆرە پێکهاتانە نازانستی و لەرێ لادەرن، تەنیا خەڵکی ڕەمەکی بەکاری دێنن، چونکە پەیوەندیەکی تایبەت لەنێوان دەوڵەت و حکومەتدا نیە. ئەگەر چی دەوڵەت کۆمەڵکەیەکی سەر زەمینیە، تەنیا بەهۆی حکومەتی خۆیەوە دەتوانێ بەشێوەیەکی کاریگەر کاربکات. کاتێ کە حکومەت کارێ بەناوی دەوڵەتەوە ئەنجام دەدات، دەتوانرێ بگوترێ کە دەوڵەت ئەو کارەی لەڕێگەی کارگوزار و نوێنەری خۆی، واتە حکومەتەکەیەوە ئەنجام داوە. ئەم بارودۆخە(لاسکی) هاندا کەبڵێ لەڕاستدا بیردۆزی ڕادەی کارکردنی دەوڵەت پێویستە بەپێی مەرجە ئیدارەییەکان ڕەچاوبکرێت، چونکە ئیدارە کردنی دەوڵەت بەشێوەی بڕیاری ئاشکرا دەبێت کەژمارەیەکی کەم خاوەنی ئاسایی بریار وەگرتنن، ئەو بریارە دەر ئەکەن، و بەو هۆیەوەیە دەوڵەت لەمەڕ مەبەستە کردارییە ئیدارەییەکانی هەمان حکومەتە. بۆیە ئەو، واتە (لاسکی) ئەو دوانە وەک یەک دەژمێرێ.

لاسکی لە هەمان حاڵدا قبوڵ دەکات کە مەبەست لە جیاکردنەوەی دەوڵەت لە حکومەت ئەوەیە کە سنووری حکومەت دیاری بێت، بە شێوەیە کە بەو ئامانجەی دەوڵەت لە پێناویا هاتوەتەکایەوە ئاگایی ڕاستەقینە بێت، واتە هەل و مەرجێ پێک بیت کە لەژێر سایەیدا حکومەت بەناوی دەوڵەتەوە کاربکات. چوونکە هەر حکومەتێ لە مرۆڤگەلێل پێکهاتووە کە لەدوچاری هەڵەو لارێ گرتنەوە بن و لەو دەسەڵاتە ڕەوایەی کە هەیانە بۆ مەبەست و قازانجی تایبەتی خۆیان سوودی لێوە وەگرن. ڕەنگە ئەوانە قرم و نیەتی خێریان هەبێت، بەڵام بەتەواوی ناعاقڵانە، بەرژەوەندی کەسی و تایبەتی ژمارەیەکی کەم بە خۆشگوزەرانی و ئاسوودەیی هەموو کۆمەڵگە بزانن. لەوانەیە لەو بارەدۆخەو هەل و مەرجی وڵات بێ ئاگابن یان شیاوی مامەڵە کردنیان لەگەڵ ئەو بارودۆخەدا نەبێ. وەها بارودۆخ و هەل و مەرجێ لەهەر کۆمەڵگەیەکی سیاسیدا لەهەر کاتێ لە مێژوویدا ڕوو دەدات. بۆیە دانانی جیاوازی نێوان دەوڵەت و حکومەت دەرفەتی گۆڕینی کارگوزاریەکان یانی حکومەت دەداتە دەوڵەت، هەرکاتێ حکومەت نەتوانێ بەر پرسیاریەتیەکانی جێبەجێ بکات و میکانیزمی پێکهێنانی دامەزراوەیی و ڕێکخراوەیی بەدی نەهێنێ دەوڵەت ناچار دەبێ بیگۆڕێ.

ئەمەش بەکورتی جیاوازی نێوان دەوڵەت و حکومەتە:

دەوڵەت

١- یەک گشت و تێکرایە
٢-ئەبستراکتە(انتزاعی)
٣-هەمووی خەڵک ئەندامیەتی.
٤-کەم یان زۆر هەمیشەییە.
٥- دەوڵەت پێویستی بەجۆرێ لەجۆرەکانی حکومەتە. دەوڵەتی بێ حکومەت بوونی نیە
٦-باڵا دەستی (حاکمیت)، نیشانەی دەوڵەتە
٧- لەهەندێ لەوڵاتاندا، پێناچێ وڵاتیان سکاڵا یان داوا داری (ادعا) یاساییان لەدژی دەوڵەت هەبێت

حکومەت

١-تەنیا بەشێکە لەدەوڵەت، واتە.
٢-واقعی و دیاری کراوە.
٣-تەنیا بەشێکی بچوک لە کۆمەڵگە لە ئۆرگانە جۆراو جۆرەکانیدا بەشداری دەکەن
٤-دەگۆڕێ.
٥-حکومەت لە بەرفراوانترین چەمکدا، پێش لەدەوڵەت و جودایش لە دەوڵەت بوونی هەبووە.
٦- لەکردەوەدا، هەموو حکومەتەکان، بەپێی سنوور داریگەلێکی جۆراوجۆری یاسایی و کرداری کاردەکات.
٧-ڕەنگە خەڵک سکاڵا و داوا داریشیان لەدژی هەندێ لەئۆرگانەکانی حکومەت یان فەرمان پێکراو (مآمور) حکومەتی هەبێت

فەرهەنگی عارەبی و ڕۆشنبیری ساویلکە

بارزان شوان - سوید

زۆر جار لە دامو دەزگا گشتیەکان و بڵاوکراوە ڕۆشنبیریەکاندا گلەیی و گازەندەیەکی بێهاوتامان ڕووبەڕووی ئەو ڕۆشنبیر و ڕووناکبیرانە بەڕگوێ دەکەیت کەهەردەم خەریکی هێنانە کایەوەو نوێکردنەوەی بەرهەرمی تازەن بۆ گونجاندنی کۆمەڵگاکەیان لە گەڵ کۆمەڵگا پێشکەوتوەکاندا، جا هەرچەندە ئەو کەسانە نەتەوە پەرست بن یاخود سەر بە لایەنە چەپەکان بن یاخود لیبرالی بن، ئەو خۆ بە ناو ڕۆشنبیرانە هەردەم شکستیان هێناوە لە بڵاوکردنەوەی بیروبۆچوونەکانیان و بەڕێوەبردنی ڕێگەچارەیەک بۆ نوێ کردنەوەی بیرە پێشکەوتوخوازەکانیان. شکستیەکانیان ڕووەو نەباوەڕی میللەتەکانیان بۆ بۆچوونەکانیان و شێوەکاری ڕێگەچارەکانیان و ڕزگارکردنی میللەتەکانیان لە زیندانی چوێرانەی ژیانیان و تازەکردنەوەی لاسایی کەرانەی ژیانی میللەتانی پێشڤەچوی کۆمەڵگا سەر بە وڵاتە ڕۆژئاواییەکان، بە ناو لێزانە بێ باکەکان دووبارە پاشقول لەو ڕۆشنبیرانە دەگرن کە دەیانەویت ئایینی ئیسلامی پیرۆز بە شێوەیەکی پێشکەوتوانە بنرخێنن و شیکارێکی زانستیانەشی بۆ دادەنێن کە ڕوە شاردراوەکانی ئەو ئاینەیان بۆ میللەتان تا ڕادەیەک بۆ خویا دەکات، مخابن ئەو نیمچە ڕۆشنبیرانە سەبارەت بە هەڵسوکەوت و لێدوان و بانگەوازی ئەو کەسانەی کە خولیای تازەکردنەوەن بە کافر و بێ دین و دواکەوتو ناو دەبەن، ئەو جۆرە بۆچوونانە بە بۆچونێکی ناشیاوی زۆردەملێ دەژمێردرێت و ئەو حوکمانەی کە دەیسەپێنن بە سەر ئەو ڕووناکبیرانە گەلێک سەخت و گرانن و ئەو بایەخەی ئەوان بە نوێ کردنەوەی بیروهۆشی مرۆڤی دەدەن و لە هەمان کاتیشدا خەڵکانێک بەرەنگاریان دەبنەوە بە چوێرانە ڕێگە چارەکانیان دەبنە هۆی لە ناوچوونی کۆمەڵگا مەدەنیەکان لە چوارچێوەی سیاسی و ئاسایش و ئابوری و ڕۆشنبیریدا، زیاتر گوێگرتن لەو نیمچە ڕۆشنبیرانە وات لێدەکات بگەیتە باوەڕێک کە ئەو کەسانە نەک تەنها بە نەریتی کار دەکەنە سەر کۆمەڵگاکان بەڵکو پەل و پۆش دەهاوێژن بەرەو زەریایەکی قوڵ و تاریکتر، زۆربەی زۆریان بۆچونەکانیان لەگەڵ پێکهاتە ساکارو نەریتە شیاوەکانی سەر بە کۆمەڵگاکانیان بەرپەچ دەدەنەوە، لە گشت لایەنەکانی شیکردنەوەو ڕەخنە و هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی بەڵگەی تازەو وەرگێڕیکی لاسایی کەرانە لە ناخی داب و نەریتی کۆمەڵگا پێشکەوتوەکانی گشت پارچەکانی جیهان و بە زۆردەملێ کردنی نێزدیک کردنەوەی بیروباوەڕە جوداکانی دوو کۆمەڵگای جیاواز و هەوڵدان بۆ گۆڕینی نەریتە ڕەسەنەکان بە کارێکی بێ ئارمانج و هەوڵێکی بە فریودان دەتوانرێت ناو ببرێت، دوابەدوای ئەوەش وەک پرۆژە پێشکەشی کۆمەڵگاکەیان دەکەن ئەو پێکهاتانەی کە هەر لە سەرەتاوە میللەتەکەیانی پێکەوە گرێ داوە لە خشتەی دەبەن، ئەم تێکەڵبوونە دەبێتە هۆی هەڵچون و دروست بوونی ناشیاوی نێوان کۆمەڵگا جوداکان کە نە تەواو دەبێت و نە بنیشی دێت، پرسیار لێرەدا ئەوەیە کە ئایا ئەو فەرهەنگەی کە لە کۆمەڵگا ئسلامیەکاندا وەک نمونە هەن پێویستی بە تێکەڵبوونی فەرهەنگی میللەتە بێگانەکانە؟ بە تایبەتی فەرهەنگی بەربڵاوی عارەبی، کە هەر بە خۆی وا بنیات نراوە کە بە هیچ جۆرێک نەشێت خۆی قابیل بە گۆڕانکاری بکات ، ئەویش هەر بە هۆی ئەوەوەیە کە لە سەرەتاوە ئەو کولتورە بیابانیە بە هۆی بڵاوبونەوەی ئاینی ئیسلامی پیرۆزەوە بمانەوێت یان نەمانەوێت خۆی تێقورتی گەلێک لە کولتورە جوداکانی کۆمەڵگا بە ئسلام کراوەکان کردوە و بێباکانە تاکو کۆی هاوبیری خەڵکانی ئەو کۆمەڵگانە بە پاڵەپەستۆ بەشداری فەرهەنگی عارەبی بوون، بە تایبەتی پێکهاتە کۆمەڵگا غەیرە عارەبەکان وەک میللەتی کورد بۆ نموونە.

جا تۆ بڵێیت هۆکارێکی گرنگی لە ڕادە بەدەری تر هەبێت کە دەستپێشکەری کردبێت ؟ کەواتە کام فەرهەنگە کە ئەوڕۆ خۆی بەسەر کۆمەڵگا عارەبیەکان سەپاندوە، بێگومان فەرهەنگی ئاینی ئیسلامە، کە خۆی داسەپاندوە بە سەر عارەبی ئیسلامی و عارەبی غەیرە ئیسلامی بۆ نموونە خاچپەرستە عارەبەکان، کەواتە شیکردنەوەی ئەو داکۆکیانەی کە سەر بە هزری مرۆڤی ڕۆشنبیرن ناکرێت لە لایەن چەند کەسانێکەوە بێتە هۆی وەستانی چەرخی گەردون و ڕۆناهی بەرەو پێشەوە چونی بیروهۆشی هاوچەرخان لە دابەشکردنی کارەساتە ناخۆشەکان، ئەمانە دەرگای چوونەژورەوەی سەرەکین بۆ کارکردن لە شیکردنەوەو ڕەخنە گرتن لە داکۆکیەکانی نێو کۆمەڵگاکانمان سەبارەت بە سیاسەت و باری ئابوری و پێشڤەچون و هتد...

کەواتە فەرهەنگی ئیسلامی ڕەگی لە ناخی فیکروهۆش و ڕۆحی زۆرینەی زۆری عارەبەکان داکوتیوە، بازدان لە سەر ئەو فەرهەنگە ئاینیە یاخود هەوڵدان بۆ خولانەوە لە نێو ئەو بازنە داخراوەدا بۆ تازەکردنەوەو پێشڤەچونی کۆمەڵگا، تەنها کات گوشتەو خۆ خەریک کردنە بە شتێکەوە کە ئەنجامەکەی ڕوون و ئاشکرا دیارن، ئەویش گەڕانەوەیە بۆ سەر خاڵی یەکەم.، بەڕای من تەنها ڕێچارەیەک هەبێت بۆ شیکردنەوەی ئەو فەرهەنگە داخراوە پێویستی بە ڕۆشنبیری زیاتر دەکات لە نێو دەزگا ڕۆشنبیریەکان و دامودەزگا خوێندنەکاندا، دەتوانرێت ئەو فەرهەنگە داخراوە تێکەڵ بە هەندێک لەو فەرهەنگە بە زۆرەملێ ئیسلام بوانەدا بکرێت، ئەگەر زیاتر بمانەوێت هۆیەکان زیاتر شی بکەینەوە، ئەو کاتە پێویست بە ڕەخنەوە شیکردنەوەی بێ چارە ناکات، بەڵکو پێویستە کە سوود لەو کەسانە وەربگیرێت کە دێر زەمانێکە مژوولن بە نوێکردنەوەی فەرهنگە داخراوەکان، یاخود بۆچی نەتوانرێت دووبارە هەوڵ بدرێت کە پێکهاتە جوداکانی نێو کۆمەڵگا عارەبیەکان نوێ بکرێتەوە، ئەی بۆچی خولیای گۆڕینی ئەو دەسەڵاتدارانە نەبین کە بە زەبری تۆپ و ئاسن خۆیان بەسەر ئەو کۆمەڵگا لەخشتەبردوانەدا سەپاندوە هەوڵدەین بە ڕێگەیەکی دیموکراتیانە ئەوانیش بتوانن بگەن بە مافە ڕەواکانیان، کەواتە خودی گۆڕانکاریەکە دەبێت لە نێو خودی ئەو فەرهەنگەوە هەڵقوڵێت، ئەویش فەرهەنگی دینی ئسلامی پیرۆزە، ئارمانجی سەرەکیمان دەبێت ئەوە بێت کە شیکردنەوەکانی ئەو فەرهەنگە کولتوریە دەبێت هەڵقوڵێت لە ئاستی فیکر و فەقێتی و خوێندنەوەی ڕاستی ئایەتە دابەزیوەکان و شیکردنەوەش دەبێت لە ڕوانگەی کاریگەریە مێژوویەکان و ئامادەبوون بۆ پەرینەوە بێت لەو کاردانەوانەی کە بە شێوەیەکی ناڕاست و دروست سەپێنداون بە سەر ئەو کۆمەڵگانەدا کە چەندەها سەدەیە وەک خۆی ماوەتەوە ئامادەش نیە خۆی بداتە دەست گۆڕانکاریە سەر بە مەدەنیەکان و گوێرایەڵی نوێکردنەوە هەر ناکات، جا پێویستە لە خودی ویستی نوێکردنەوەو ژیاندانەوەی ئەو فەرهەنگە کەڵک لەو بڕگە ئاینیانە وەربگیرێت کە دەتوانرێت بە خۆ هەڵواسینی هەندێک چمکی ئەو نووسراوانە بەرنامەیەکی داڕێژکراوی پێشڤەچوی بۆ ساز بکرێت و بنیاتە سەرەکیەکان بەرەو گۆڕین مل بنێن بۆ پێکهێنانی ئایدۆلۆژیایەکی هێژا تر کە لە هەمان کاتدا بگونجێت لە گەڵ ئەو فەرهەنگە دێرینەدا کە کۆمەڵگاکەی لێ پێک هاتوەو هزرو هۆشی ڕوناکتر سەر هەڵبێنێت.

هەڵسوکەوت ڕوبەڕووی ئەو ئاستە زانستیانە خوازیاری سوود لێوەرگرتنی فیکرو فەرهەنگ و ڕژێمە پێشکەوتخوازەکانە و گرتنی بەرهەمە فەلسەفی و زانستیەکان و کۆمەڵایەتیەکان و ڕێزگرتن لە مافی مرۆڤ و پاراستنی ژینگەیە و کەڵک وەرگرتنە لە بەکارهێنانی پەیرەوپرۆگرامە زانستیە تازەکانە. بێگومان جیاوازیەکە لە لایەکەوە کەڵک وەرگرتنە لە ئاسمانێکی کراوەی پێشڤەچوو و دەوڵەمەندکردنی ئاینی پیرۆزی ئیسلامە و فەرهەنگی کۆمەڵگا جوداکانە و لەلایەکی تریشەوە ڕوەو ئاسمانێکی پڕ لە ڕۆشنبیری و خەیاڵاتیکی نەبینراوە یاخود بە تاوانکردنی هەندێک کۆمەڵگای بچوکی نێو فەرهەنگە جوداکانی جیهانێکی بەرینە. بێگومان ئەم بۆچونانە پێویستی بە هەردووک ڕۆشنبیر ولێزان هەیە کە هەست بە پێداویستی گۆڕانە سەرەکیاکان دەکەن لە نێو کۆمەڵگا جوداکاندا بە تایبەتی کۆمەڵگای داخراوی عارەبی. بە مەرجێک مەنزوری ئەو زانایانەش تەنها ئەوە بێت کە بتوانن چمکێک لە گرفتە ڕادە بەدەر زۆرەکانمان شی بکەنەوە، ئەو ڕۆشنبیرەی خۆی لەو دەریا بێبنە نوقوم دەکات دەبێت شارەزاییەکی تەواوی بەرامبەر بە ئاینی ئیسلام و فەرهەنگ و کۆلتوری کۆمەڵگا مەدەنیەکانی تری جیهان هەبێت، جا با ئەو ڕۆشنبیرە ئیسلامی بێت یان مارکسی ، نەژاد پەرست بێت یان لیبرال بێت، یاخود بلا هەر هیچیان نەبێت، ئەو کەسە بەڕاستی دەبێت هەڵگری شیکەرەوەی ئەو هاوسەنگیە سەختە بێت، ئەویش ئەگەر بێت و بەڕاستی بیەوێت ئەو ڕۆڵە مێژوویە ببینێت کە دەبێتە ڕووناک کەرەوەی مانا سەختەکانی ژیان، نەک تەنها ئەو ڕووناکبیرە بێت کە بۆچونەکانی نە پەیوەندی بە جێگاوە هەبێت نە بە کاتیشەوە و نە بە مرۆڤەکانیشەوە، بڕێکی زۆر کەم لە ڕۆشنبیرانی عارەبی هەن کە دەیانەوێت تاریکی ژیانی کۆمەڵگا عارەبیەکان ڕووناک بکەنەوە، بێگومان ئەوانیش نە مەلان و نە فەقێ بەڵکو خاوەنی بیرێکی هێژاو ڕووناکبیرێکی بێهاوتان، ئەوانەی کە دەیانەوێت کاروبارو فەرهەنگ و دابونەریتە پاشکەوتوەکانمان بگۆڕن دەبێت بەخۆیان زانا فەیلەسوف و بیرتیژێکی بلیمەت بن کە بۆیان بلوێت گۆڕانکاری بە سەر بنگەی فەرهەنگی ئیسلامی بخوڵقێنن و تاوتوێکەری گفتوگۆی ڕەسەن بن بۆ ئەوەی بتوانن بەردەوام بن لە دوانەکانیان سەبارەت بە گۆڕین ومشتومڕ کردن لە سەر فەرهەنگی ئاینی و تەڤڵەهەڤکەری بۆچونەکان بن سەبارەت بەو ڕۆڵانەیان کە دەیگێڕن وەک زاناو لێزانی فیکری ئاینی ئیسلامی، هەر لەو ڕوانگەیەوە میللەت دەتوانێت گوێیان لێ ڕاگرن و دەستخۆشیان لێ بکەن و ببنە هەڵگری ئاڵای بۆچوونە پێشکەوتوخوازەکانیان. هەر ئەو دەمەش نەتەوەکان تێکڕا لە بۆچوونەکانیان دەگەن و لە شیکردنەوەکانیان حاڵی دەبن.

uvnbas@hotmail.com

دەروونا دونیا

حکومەتی ئێمەو حکومەتی ئەوان

دەڵێن گاندی گەورە ڕابەری چەوساوەکانی هیندستان و خۆشەویستی بەشێکی زۆر لەئەفەریقییەکان، هەتا مرد پشتی بە داهاتی خۆی بەستووەو چاوی لەماڵی دەوڵەت نەبووە. سەدی سەد نازانرێ ئەوە ڕاستە یان نا، بەڵام مانەوەی ناوی ئەو پیاوە وەک ڕەمزێکی پیرۆز لەمێژووی مرۆڤایەتیدا بۆ خۆی نیشانەی ئەوەیە کە ئەوەی پێی کراوە ئەوەندەی لەدەسەڵاتیدا بووە لەخزمەتی گەل و نیشتمانەکەی درێغی نەکردووەو بەدڵسۆزی و بەپاکی، بەداخەوە مرۆڤایەتی لەزۆر شوێنی ئەم دنیایەدا نرخ و بەهاکانی پێشێل دەکرێ، بێ ئەوەی تۆزقڵێک سوودیان لە ئەزموونی پیاوی وەک گاندی بینیبێ تەنانەت ئەوانەی کە تاکو دوێنێ خۆیان بەشۆڕشگێڕ دادەناو بەرانبەر جەورو ستەمەکان ڕادەوستان.

، ئێستاش خۆیان هەمان قەوانی ئەوان لێ دەدەنەوە، بەڵام بەکلیپێکی نوێەوە. لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا حکومەت بەهەڵبژاردن دێتە سەر کورسی دەسەڵات، ماوەی حوکمەکەشیان دیاری کراوە، خەڵکی پسپۆڕ بودجە ڕێک دەخات و حکومەت بە دەستپاکیەوە خەرجی دەکات،تەنانەت ئەوانەی کە دەسەڵات وەردەگرن دەبێ پێشتر سەرەوت و سامانی خۆیان ئاشکرا بکەن هەتا ئەگەر دزی کرد بە ئاسانی ئاشکرا بێ . سەرۆکی حکومەت ئەگەرچی دڵنیایە کەلەفڵان کاتدا ماوەی دەسەڵاتەکەی کۆتایی دێت، بەڵام ئامادەنییە هەوڵی مشەخۆری گیرفان پڕکردن بدات، گەیشتۆتە بڕوایەک کەئەوەی هەیەتی لەخۆی زیادە ئیتر پێویست ناکات ناپاکی و دزی لە وڵات بکات. حکومەتی وڵاتی ئێمەش ئەگەرچی هەڵبژاردنی بۆ کراوە، بەڵام مەگەر خوداو خۆیان بزانن نهێنییەکانی ئەو هەڵبژاردنانە چین، ماوەی حوکم کردنیش بەدەستی خۆیانە چەندیان بوێ ئەوەندە دادەنێن. مەسەلەی بودجەی نابێ کەس باسی بکات و بڤەیە خۆتی لەقەرەبدەی شەفافیە (حجاب)ی بۆ کراوە عەیبە شتەکان دیارین. بەرپرسەکان بەکەیفی خۆیانە ئەو بودجەیە چۆن دابەشدەکەن و چۆنی خەرج دەکەن. مەسەلەی سەروەت و سامان ئاشکراکردن ئەوە کاری ئەمان نییە!! ڕۆژانە چەند دەفتەر دۆلاریان دەسدەکەوێت ئەوە ئارەق و وێسکی ناوچەوانیانە، خەڵک هەقی چییە ئەو دزی دەکات خۆ کەس ناچیتە قەبری کەسەوە، دەبا ئەو نەگبەتەش کە تازە کراوە بە بەڕێوەبەر، قائمقام، سەرۆکی شارەوانی.... هتد شتێکی دەستکەوێ خۆ چەند ساڵە لەبرسا گێڕبوو، دەبا خانووەکەی سێ نهۆم بێ، دەبا مەلەوانگەکەی ڕۆژئاوایی بێت، ئۆتۆمبیلەکەی لەم ئاخر مۆدیلە ناشرینەکان بێت قەیدی چییە؟ خۆکەس بەتەمای جێگای ئەمان نییە، بەتەماشبن سەریان دای لەبەرد، حکومەتی ئەوان لەماوەیەکی دیاری کراودا ژیان خۆشترو مسۆگەر تردەکەن، حکومەتی ئێمەش کە لەبێشکەوە تا مردن دەست لەدەسەڵات بەرناداو جگە لەخۆیان گاڵتەیان بەژیانی خەڵک دێ.